# جل و بەرگی كوردی

## نوسینی : عبدالرحمن صديق

جل و بەرگ وێڕای ئەوەی نیشانەی شارستانیەتەو، یەكێكە لە فاكتەرە جیاكەرەوەكانی پێشكەوتنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قۆناغەكانی بەرەو پێش چوون دا، لەهەمان كاتیشداو، بەڵكو لە پێشتریش ، ویستێكی خوای گەورە بووە كە ئادەمیزاد دەبێت پۆشتە بێت بە جل و بەرگی گونجاو لەگەڵ پلەی رێزلێنراوی مرۆڤ و جێگەی كاری مرۆڤ لەم بونەوەرەدا، جوانكاری و تەواو كاری و رازانەوەش لە جل و بەرگدا ویستێكی خوای گەورە بووە كە جوانیی و جوانكاری خۆش دەوێت، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿يا بني ادم قد انزلنا عليكم لباسا يواري سواتكم وريشا﴾ (الاعراف/26).

(لباس) واتە جل و بەرگ و (ريش)یش واتە ئەو شتانەی كە جوانكاری و جوانیی دەدات بە جل و بەرگی سەرەكی، لەم بارەیەوە (ابن كثير) دەڵێت:

(فاللباس لستر العورات، والريش ما يتجمل به ظاهرا فالاول من الضروريات، والريش من الكمالات والزيادات).

لێرەوە پێش ئەوەی باس لە جل و بەرگی نەتەوەییەو، جل و بەرگی كوردی بكەین، وا چاكە ئەو گومان و قسەو بۆچوونانە رەت بكەینەوە كە پێیان وایە ئیسلام جل و بەرگێكی دیاری كراویی بەسەر موسڵمانانداا فەرز كردووە، یان جل و بەرگی تایبەت هەیە بە نێوی پۆشاكی ئیسلامیی و، یان ئیسلام هەڵوێستێكی نێگەتیڤی هەیە سەبارەت بە جل و بەرگی نەتەوەكان و، یان ئەڵێن ئیسلام جل و بەرگی بیانی قەدەغە دەكات چونكە دروست كراوی دەستی بێ باوەڕانەو، ئەمانەو چەندین قسەی تری لەم چەشنە!! بۆ رەتكردنەوەی ئەم جۆرە قسانە سەرنج بۆ لای ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە رادەكێشین:

یەكەم: لە پێش ئیسلام و لە سەرەتای هاتنی ئیسلامیشدا، دیاردەیەكی جیهانیی بوو كە هەندێك جل و بەرگ هێما بووە بۆ جۆرێك لە ناسنامەی عەقائیدی هەندێك كۆمەڵ ، بەهۆی نەبوونی سیستمێكی ئیداری بۆ رێكخستنی باری شارستانی وەك ئەوەی ئەمڕۆ ،بۆیە ئەو سەردەمانە جەخت لەسەر جۆری جل و بەرگ دەكرایەوە كە (چی) لەبەر بكرێت و (چی) لەبەر نەكرێت، ئەمەش بە مەبەستی رێكخستنی باری ناو كۆمەڵ بووە، بە دەركەوتنی سیستمی ئیداری پێشكەوتوو لەدەوڵەتی ئیسلامیی دا لە ساڵانی دواییدا واز لەم شێوازە هێنراو، جل و بەرگ بوو بە دیاردەیەكی گشتی و كەس لە كەس بە جل و بەرگ جیا نەدەكرایەوە.. بۆیە (ابن خلكان) لە (وفيات الاعيان)دا سەبارەت بە ماوەی حوكمی عەبباسییەكان دەڵێت: (وكان ملبوس الناس قبل ذلك شيئا واحدا، لا يتميز احد عن

احد بلباسه).

دووەم: ئەوەش کە زۆربەی (فقهـاء) ئاماژەیان بۆ کردووە کە موسڵمان نابێت جل و بەرگی بێ باوەڕان لەبـەر بکـات مەبەستیان جل و بەرگی بەکار هێنراو (مستعمل)ی بێ باوەڕان بووە، کە ڕەچاوی ڕاگرتنی پاك و تـەمییزی جـل و بەرگی بەو جۆرە نەکردووە کە بۆ نوێژ پێکردن بشێت.

دکتۆر (عبدالکریم زیدان) لە (المفصل..)دا، لە (المجموع)ی ئیمامی (النـووي)یەوە ئەم قـسەیەی ئیمـامی (شـافعي) دەنووسێت لەم بارەیەوە کە جەخت لەسەر ئەو قسەیەی خاڵی دووەمی ئەم باسە دەکات و دەڵێـت: وقـال الـشافعي: (وانا لسراويلهم ومايلي ابدانهم اشد كراهة).

پاشان دەڵێت: (لعلة في كراهة استعمال ثيابهم المستعملة هو احتمال تنجسها، بـسبب لبـسهم لعـدم احتيـاطهم مـن البول ونحوه).

ئەگەر نا، ئەوا شتێکی ئاساییە کە مرۆڤی موسڵمان جل و بەرگی ئاسایی و ڕێك و پێکـی دروسـت کـراوی هـەر وڵاتێك لەبەر بکات.

عن انس ابن مالك: ان ملك الروم اهدي للنبي – صلى الله عليه وسلم – مستقة من سمدي ، فلبسها) (رواه احمـد و ابو داود)

مستقه : واتە فەرمووی قۆڵ درێژ.

کەواتە جل و بەرگی نوێ هی هەر شوێنێك بێت جیایە لە جل و بەرگی بەکارهێنراو..

سێیەم: ئیسلام لەبەر جیاوازیی کەشوهەوای شوێنەکان و، جۆری پیشەو کارەکان و، جۆری بۆنـەو یادەکـان و، فـرە ڕەنگیی نەتەوەکان ، مرۆڤی ئازاد کردووە، بۆ لەبەر کردنی هەر جۆرە جل و بەرگێك.

(ابن القيم) لەبارەی جل و بەرگی پێغەمبـەرەوە – صـلى الله عليـه وسـلم – دەڵێـت: (فلـبس في كـل مـوطن مـا يناسبه)، هەروەها دەڵێت: (ان هدية في اللباس ، ان يلبس ما تيسر من اللباس).

هەر لەبەر ئەمەش کە خەڵکی موسڵمان دەبوون لەهەر هۆزو نەتەوەیەك بووبن، پێغەمبەر – صلى الله عليـه وسـلم – نەیدەهێشت جل و بەرگی نەتەوەییان بگۆڕن و جل و بەرگی عەرەب لەبەر بکەن.

(عبدالحي الكتاني) لە (التراتب الادارية..) لە شەرحی (الزرقاني) لەسەر (المختصر)دا ئەم پەرەگرافەی وەرگرتووە کە دەڵێت پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – (ولم يات عنه انه نهى وافدا عليه من العجم عـن زيهـم ، ونـدبهم الى زي العرب).

چوارەم: سەبارەت بە جل و بەرگی ئافرەتان هەر جۆرێك بێت دەشێت، بە مەرجێك ئەم سێ ئایەتەی قورئان بەرجەستە بکات:

1 – ﴿يا أيها النبي قل لازواجك وبناتك و نساء المؤمنين يدنين عليهن من جلابيبهن ذلك ادنى ان يعرفن فلا يؤذين وكان الله غفورا رحيما﴾(الاحزاب/59).

جلباب: الثوب المشتمل على الجسد، بڕوانە (المعجم الوسيط).

2 – ﴿وليضربن بخمرهن على جيوبهن﴾ (النور/31).

3 – ﴿ولا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها﴾ (النور/31).

کورتەی بەرجەستە کردنی ناوەڕۆکی ئەم سێ ئایەتە ئەوەیە کە ئافرەتان باڵا پۆش و سەرپۆش بن، ئیتر بە کام شێوەو بە چ جۆرە شێوازێك و بە کام ڕەنگ، ئەوانە هەمووی بۆ ئازادیی شەخسی بەجێ دەمێنێ.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیسلام پۆشتەیی لە مرۆڤ داوا کردووەو، پۆشتەبوونیش مۆرك و سیمایەکی شارستانیەت و پێشکەوتنی مرۆڤە لە گشت کۆمەڵگەیەکدا.

جا کە مرۆڤ ئازاد بێت لە رووی جۆری پۆشتەبوونەوە، ئەوا مافێکی خوا پێداوی گەلانە کە بایەخ بە جل و بەرگی نەتەوەیی خۆیان بدەن و، (دەنگ) و (ڕەنگ)ی خۆیانی پێ بەهێز بکەن.

بۆ ئێمەی نەتەوەی کوردیش جێگەی خۆیەتی ئاوڕێکی جیددی و ڕەسمی لە جل و بەرگی کوردی بدەینەوە، بەتایبەت ئەگەر بزانین کە جل و بەرگی کوردی (پیاوان و ژنان) لە فەرهەنگ و ژیانی رۆژانەی موسڵمانانی پێشوشدا حوزوری بەرچاویان هەبووە بەتایبەت کە پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – داوای کردووەو لەبەری کردووە: عن عائشة – رضي الله عنها – قالت : صلى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – في خميصة لها اعلام، فقال: شغلتني اعلام هذه ، اذهبوا بها الى ابي جهم، وائتوني بانبيجانيته) (رواه البخاري).

قوتابی خوێندنی باڵا (فرست مرعی اسماعيل) لەو ماستەر نامەیەی کە پێشکەشی (بەشی مێژوو)ی (کۆلیجی ئاداب)ی (زانکۆی خەرتوم)ی کردووە لەژێر ناوی: (الكرد : مصادر ومعالم تاريخهم في صدر الاسلام).

لەلاپەڕە (222)ی ئەو ماستەر نامەیەدا ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو (انبيجانيه)ی کە لە (صحيح البخاری)دا هاتووە مەبەست جل و بەرگی کوردییە، بە پشت بەستن بە (حديث)ێکی تەواوکاری ئەم (حديث)ەی (البخاري)، کە (ابوداود) روایەتی کردووە: قال عبدالرحمن ابن ابي الزناد: سمعت هشاما يحدث عن ابيه بهذا الخبر قال: (واخذ كرديا كان لابي جهم) (رواه ابو داود).

سەبارەت بە جل و بەرگی ئافرەتی کوردیش کە سەرپۆش و کەواو کراس و دەست ماڵ و ئەوانی تری لەخۆگرتووە، ئەوە دیارە کە دیمەنێکی یەکجار جوان و دڵڕفێنی هەیە، تا ئەو رادەیەی کە یەکێکی وەك (ابن الراوندي) سەبارەت بە تەفسیری ئایەتەکانی تایبەت بە جل و بەرگی ئافرەتانی بەهەشت ، پاش وەسفێکی زۆر ناچار دەبێت نمونە بهێنێتەوە، کە نموونەش دێنێتەوە دەڵێت: (ملابس اهل الجنة من السندس والاستبرق واساور الفضة والذهب .. انها تجعلهم يشبهون عروس الاكراد..).

لە هەموو ئەمانەی پێشەوەو، بەمەبەستی کاراکردنی ئەو فاکتەرانەی کە ناسنامەی نەتەوایەتیمان دەپارێزن، پێم باشە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە بخەمە روو:

1 – هەوڵدان بۆ پارستنی جۆرەکانی جل و بەرگی کوردی و ئاشناکردنی نەوەی ئێستاو داهاتوو پێیان، جا چ لەرێگەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بێت، یان لەرێگەی مۆزەخانە میللیەکانەوە بێت.

2 – پۆشینی جل و بەرگی کوردی بۆ کارمەندو ئەندامانی ئەو دەزگا باڵایانەی کە گوزارشت لە خواستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەکەن وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران ، بەتایبەتی لەکاتی پێشوازی لە میوانانی بیانی و دەرەوەی هەرێم و، هەروەها لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا.

3 – رێزگرتن لە جل و بەرگی نەتەوەیی و میللی هەموو نەتەوەکانی تری کوردستان وەك بەرجەستە کردنێك بۆ گیانی پێکەوە ژیان و پێکەوە جوانیی هەموو رەنگەکان و دەنگەکان ، کە ویستێکی خوای گەورەیە.